# ئاشتی پارتی ویەکێتی لەنێوان استراتیژتاکتیکدا.

ابوبکراحمد سلێمان

لەئەنجامی توندبونەوەی هەڕەشەکانی امریکالەدژی عێراق وبەدەرکەوتنی هەندێک دروشمی جۆراوجۆرسەبارەت بەگۆڕینی ڕژێم لەدوای ڕوداوەکەی ١١ی سیبتەمبروئاڵوگۆڕی معادلاتی سیاسی ناوچەکە، مەوقعیەتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشی بەدوای خۆیداگۆڕیوە، هێزەسەرەکیەکانی بەرهەڵستی کاری بورژوایی گۆڕەپانی سیاسی عێراق لەگەڵ ئەوەشداکەهیچ ئینسجامێکی دەرونی ئیستراتیژی لەدەوری یەک کۆی نەکردونەتەوە، ئۆپۆزسیۆنێک کەسەرێکی شیعەوسەرێکی سونی وسەرێکی شیوعی وسەرێکی قەومی بێت نەک هەرنابێتەاڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەبۆئایندەی دەوڵەتی عێراق بەڵکوکوێرەدێ یەکیشی پێ ئیدارەناکرێت کەبەجیاوازی بیروڕاوئینتمای ئایدۆلۆژی یانەوەبەسەرپەرشتی وچاوەدێری امریکاخەریکی ئارایشی خۆڕێکخستن وئامادەکارین سەبارەت بەئەگەروئاڵوگۆڕەکانی ئەم سیناریۆیە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستانیش وەک دووهێزی ناسیۆنالیستی سەرەکی لەکوردستانی عێراق لەئەنجامی کۆبونەوەیەکی دوڕۆژی لەنێوان هەردولاوبەئامادەبونی سەرۆکی هەردوحیزب لەهاوینەهەواری سلاح الدین بەمەبەستی دوانەکەوتن لەوکاروانەوبەدەست هێنانی جێگاومەکانێک لەدەوڵەتی ئایندەی عێراقدا، لەم دوایانەدارێککەوتننامەیەکیان ڕاگەیاندوە، بەپێی ڕاگەیاندنی ئەورێککەوتننامەیەکەلەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردولاوەبڵاوکرایەوە، ئەودوحیزبەهەموکێشەسەرەکیەکانی خۆیان وەلاناوەووردەکاری ئەورێککەوتنەمێژوویەشیان ئەسپاردوەبەلیژنەدوقۆلیەکانی هەردولابۆچەسپاندنی ئاشتی. تائەوجێگایەی کەئەم ڕێکەوتنەبۆماوەیەکی کاتیش بێت دەبێتەهۆی دورخستنەوەی کابوسی شەڕوکوشتارلەسەرسەری خەڵکی کوردستان، من بەش بەحاڵی خۆم دەست خۆشانەلەهەردولادەکەم، لەهەمانکاتداگومانم لەوەنیەئەم ڕێکەتنەش کەلەژێرفشاری بارودۆخێکی یەکجارحەساسی ناوخۆیی وئیقلیمی ودەولی دا ڕوی داوەوجگەلەوەی کەخەڵکی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی زیاترلە٤٠ساڵەی ناکۆکی خوێناوی نێوان ئەو دوحیزبەوزاڵ بونی گرایشی پاراستنی بەرژەوەندی تاک وشەخسی لەناوڕابەرایەتی ئەودوهێزەبەسەربەرژەوەندی یەکانی گشتی داناتوانن هیچ جۆرەتەسەوروئیتمینانێک بدەن بەخۆیان سەبارەت کۆتای هاتنی ئەوململانەیە، و ئەم ڕێککەوتنەبۆخودی یەکێتی وپارتیش لەبارودۆخێکی ئەوتۆدازیاترحەرەکەتێکی تاکتیکی یە، بەمەبەستی دەربازبونیان لەنەخشەوپیلانێک کەساڵەهایەبەهۆی شەڕی ناوخۆوەوبەهاوکاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەدژی یەکتری دەی گێڕن بەمەبەسی بالادەستی یەک بەسەرئەوی تردا ولەلایەکی ترەوە ئەمەهەوڵێکەبۆخۆگونجاندن لەگەڵ تەرح وبەرنامەی امریکاسەبارەت بە دوارۆژی ئەم وڵاتە، یەک خستن ونیشاندانی هێزوتوانای یەککرتوی هەردولالەبەرامبەرئۆپۆزسیۆنی عێراقی دابەمەبەستی مسوەگەرکردنی جێگاومەکانەیەک بۆ خۆیان لەئەنجامی ئەوئاڵوگۆڕانەی کەچاوەڕوانن امریکابەسەرعێراقی دابهێنێت. تائێرەئەمەلایەنێکی ئەوتاکتیکەیەکەبەرژەوەندی هەردولالەم قۆناغەدادەبەستێتەوەبەیەکەوەوئەم بارودۆخەنوێ یە یەکێتی وپارتی ناچاردەکات بۆئەوەی دوکان وبازاڕێک کەلەئەنجامی جەنگی کەنداودەستیان کەوتوەلەدەستیان نەچێت وبۆماوەیەکی کاتی دەست لەیەخەی یەکتری بکەنەوە، هۆکارێکی تری ئەورێککەوتنەئەوەیەکەئەنجامی ئاڵوگۆڕی معادلاتی سیاسی ناوچەکەجێگۆڕکێی بەمەوقعیەتی یەکێتی وپارتی کردوە، ئەم ئاڵوگۆڕانەی دوای تاراْدەیەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەئێران دورخستۆتەوەهێناویەتی بەلای دەوڵەتی تورکیادا وبەپێچەوانەشەوەپارتی لەتورکیانگەران کردوەکەپێشترپەیوەندی یەکی توندوتۆڵ هەبولەنێوانیاندا، کەبەهۆی کێشەی بەرەی تورکمانەکانی سەربەدەوڵەتی تورکیالەم دوایانەدانێوانیان تێک چوبو، پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێرفشاری کەین وبەینێکی ناسروشتی وژێربەژێری نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ودەوڵەتی تورکیاداوبۆئەوەی توشی ئەوهەڵەیەنەبێتەوەکەیەکێتی نیشتیمانی لە٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ تێی کەوت



www.kurdistannet.org

کەبوبەهۆی لەدەستدانی دەسەڵاتدارێتی بەسەرشاری هەولێرداوتێک چونی هاوسەنگی هێزلەبەرژەوەندی پارتی، وبۆئەوەی پێش بەئەگەری هاوئاهەنگی سەربازی نێوان بەرەی تورکمان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەپشتیوانی دەوڵەتی تورکیالەدژی خۆی بگرێت، بەناچاری وبۆئەوەی لەومەترسی یانە خۆی دەربازکات ئەمڕۆ ڕەزامەندی خۆی بۆجۆرێک لەسازان وئاشتی لەگەڵ (ی ن ک) دانیشانداوە، کەپێشترپارتی لەمەوقعیەتێکی بەهێزترەوەخۆی دەبینی وهەرگیزئامادەش نەبولەوداهاتەزۆرەی کەلەابراهیم خەلیل دەستی دەکەوت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکاتەشەریک وتائەم ئاڵوگۆڕانەی دوای پارتی دیموکرات بەرژەوەندی خۆی لەسازاندانەدەبینی یەوەلەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. بەڵام بەپێچەوانەوەئەوئاڵوگۆڕانەلەبەرژەوەندی (ی ن ک) شکانەوە، بەهۆی سیاسەتی توندوتیژی ئەم دوایانەی امریکالەدژی عێراق وهەڕەشەوفشارەکانی دەوڵەتی تورکیاوەبۆسەرناوچەکانی ژێردەسەلاتی پارتی دیموکرات (ی ن ک) فرسەتێکی باشی دەست کەوتوەبۆئەوەی لەڕێگای ئەوفشارەناوخۆیی ودەرەکیانەوەڕێککەوتنێکی ئەوتۆبەسەر (پ د ک) دابسەپێنێ ولاسەنگی مەوقعیەتی سیاسی خۆی لەم ڕێگایەوەلەبەرامبەر (پارتی) دا ڕاست بکاتەوە.. بەم جۆرەئەم پێک هاتنەی پارتی ویەکێتی ئیختیاری ودڵخوازانەولەسەربنەمای هەست کردن بەمسئولیەتی بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی ونەتەوایەتی وەک خەسڵەتێکی بوژوای مللی ڕوی نەداوە، هەربۆیەش ئەم پێکهاتنەژێرپێی خاڵی یەوبەبڕوای من ئاشتی یەکی پایەداری لێ ناکەوێتەوە، یەکێک لەوخاڵانەی کەلەسەری پێکهاتون تێکەڵ کردنەوەی فراکسیۆنی سەوزوزەردەلەناوپارلەمانێکداکەزیاترلەشەش ساڵەئیعتباری قانونی وشەرعی یەتی خۆی لەدەست داوەوپێشم وانیەبەهۆی سورعەتی ڕوداوەکان فریای ئەوەبکەون سیناریۆی هەڵبژاردنێکی ترڕێک بخەنەوە، بەتایبەتی لەدوای ئەوەکەئەمڕۆ سێ شەممەڕێکەوتی ٢٠٠٢/٠٩/١٧ڕژێمی عێراق ڕەزامەندی خۆی لەنامەیەکی ڕەسمی دا سەبارەت بەگەڕانەوەی کۆمیسیۆنی پشکێنەرانی نێودەولەتی لەڕێگای کۆفی ئەنانەوەئاراستەی کرد. ئەم هەڵوێستەی ڕژێم بەشێکی زۆرلەمعادلاتی سیاسی ناوچەکەدەگۆڕێت وئەگەرەکانی هێرشی سەربازی امریکابۆسەرئەو وڵاتە وپشتیوانی ئیقلیمی ودەولی بۆشەڕلەدژی عێراق هێندەی ترکەم دەکاتەوە وهەربەوئەندازەیەش بازاڕی یەککگرتوی ئۆپۆزسیۆنی بورژوای عێراق کەهیچ پایەوئەساسێکی کۆمەڵایەتی لەعێراقدانیەوئەوەامریکایەوەک کارتێکی هەڕەشەلەدژی ڕژێم بەکاری دێنێت و وردەوردە ئەوگەرموگوڕی یەی خۆی لەدەست ئەدات وئەوفشارەدەرەکی وبارودۆخەتایبەتی یەش کەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەم قۆناغەدالێک نزیک کردۆتەوەئەوقورسایەی نامێنێت کەئەم ڕێککەوتنەتاکتیکی یەی نێوان ئەودوحیزبە بەئاسۆیەکی گەش بۆخەڵکی کوردستان وئاشتی یەکی ڕاستەقینەی بگەیەنێ. یەکێتی وپارتی زۆر ڕێککەوتنی لەوجۆرەیان لەگەڵ یەکتری دامۆرکردوە وتەنانەت حکومەتێکی شەریکی یان هەبوبەیەکەوە، بەڵاهیچ کام لەو. ێککەوتنانەی نێوان ئەودوحیزبەئاشتی یەکی ڕاستەقینەی لێ نەکەوتۆتەوە، دەلیلەکەی ئەوەیەلەکوردستانی عێراق سەرەڕای ڕاگەیاندنی هەبونی ئازادی بیروڕاخودی مەنتقی دیموکراسی لەژێرپرسیاردایەوکێشەی ڕابەرایەتی ئەودوحیزبەمەسەلەی سەپاندنی دەسەڵاتەبەڕێگای نادیموکراسی یانە داویەکتریان پێ قبوڵ نکرێت وبەداخەوە پێ ناچێت ململانەیەکی توندوتیژی ٤٠ ساڵەلەکۆبونەوەیەکی دوو ڕۆژی داکۆتای پێ هاتبێت.

٢٠٠٢/٠٩/١٧ هۆڵند

www.kurdistannet.org